# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان/ سەرکردایەتیی کاتی لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٦-١٩٧٩)

**هاوکار محەمەد محەمەدڕەشید** **پ.ی.د. دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
hawkar.mohammedrashid@su.edu.krd dilshad.m.a@su.edu.krd

**پوختە:**

دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی کورد ساڵی (١٩٧٥)، حکومەتی عێراق بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری چەندین ڕێوشوێنی گرتبووە بەر، وەک ڕاگواستن و بە بەعسی کردن و بە عەرەب کردن، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد. لەپێناو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، پارت و ڕێکخستنە سیاسییە کوردییەکانی ئەو ڕۆژگارە، چەندان مەفرەزەی چەکدارییان ناردە شاخ، لەو پێناوەشدا شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری ڕوویداوە، لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەوە، ئەوەش بووە دەستپێکی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد. ماوەی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) بە قۆناغێکی سەخت و دژوار هەژمار دەکرێت لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بۆ باسی بەشێکی ئەو خەباتە چەکدارییەی لەو ماوە دیارکراوەدا لە ئارادا بووە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و چوار باسی سەرەکی و ئەنجام

پێکهاتووە، لە دەروازەدا کورتە باسێکی مێژوویی کێشەی کورد لە عێراق و خەباتە چەکدارییەکەی بەر لە ماوە مێژووییەکەی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو. باسی یەکەم: زەمینەی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی باسکراوە. باسی دووەم: تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چۆنییەتی دامەزراندنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی). باسی سێیەم: تایبەتە بە هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمیی سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی. باسی چوارەم: تیشک خراوەتە سەر چالاکی چەکداریی هێزەکانی پێشمەرگە بەرانبەر حکومەتی عێراق. لە کۆتاییشدا ئاماژە بەو ئەنجامگیرییانە کراوە، کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

**وشە سەرەکییەکان:** پارتی، سەرکردایەتیی کاتی، خەباتی چەکداری

**پێشەکی:**

خەباتی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان چەندان قۆناغی بڕیوە و هەر کاتێک بزاڤێکی چەکداریی سەرکوت کرابێت، بەدوایدا بزاڤێکی دیکەی چەکداریی سەری هەڵداوەتەوە، بۆیە گونجاوە بوترێت سیمای خەباتی چەکداریی کوردی فرە ئەڵقەییە و تەواوکەری یەکترن، هەر بزاڤێکی چەکداریی بۆ ئامانج و مەبەستێک سەریهەڵداوە، لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان بە زۆر لکێنراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە، بۆیە خەباتی چەکداریی کورد هەڵگری ئامانجی نەتەوەیی بووە، ئەو خەباتەش قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە هەوڵێکە بۆ بەدیارخستنی ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان/ سەرکردایەتی کاتی لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩)، کە ئەو ماوەیە پڕە لە ڕووداوی مێژوویی گرنگ و دەستپێکی

سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکدارییە و جیاوازە لە سەردەمەکانی پێشوو، چــونکە لە دوای نســکۆی (١٩٧٥)، (پ.د.ک/ ســەرکردایەتی کــاتی)، بە ســوودوەرگرتن لە هەڵەو کەموکوڕییەکــان و لەپێنــاو گەیشــتن بە مــافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان خەباتی چەکداری ڕاگەیاند. ئەمەش هۆی ســەرەکی بــوو لە هەڵبژاردنــی ئەم بــابەتە بــۆ لێکــۆڵینەوە بە ناونیشــانی: ڕۆڵــــی پــــارتی دیمــــوکراتی کوردســــتان/ ســــەرکردایەتی کــــاتی لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری باشووری کوردستان(١٩٧٦-١٩٧٩)

**ئامـانجی لێکـۆڵینەوەکە:** خســتنەڕووی زانیــاری لەبــارەی زەمیــنەی ســەرهەڵدانەوەی خەبــاتی چەکداریی کــوردە لە مــاوەی ســاڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩)، هەروەهــــا بە دیارخســــتنی ڕۆڵــــی مەفــــرەزە ســــەرەتاییەکای (پ.د.ک/ ســەرکردایەتی کــاتی) و چــالاکیی پــارتیزانییە بەرانــبەر ســوپای عێراق.

**پێکهـاتەی تـوێژینەوەکە:** ئەم لێکـۆڵینەوەیە لە دەروازەیەک و چـوار باس و ئەنجام پێکهاتووە، لە دەروازەدا کورتە باسێکی مێژوویی پرسیی کــورد لە عێــراق و خەبــاتە چەکــدارییەکەی بەر لە مــاوە مێــژووییەکەی لێکــۆڵینەوەکە خــراوەتەڕوو. باســی یەکەم: زەمیــنەی ســەرهەڵدانەوەی خەبــاتی چەکداریی و پــلان و ڕێوشــوێنی ئەمنــی حکــومەتی عێــراق بــۆ ڕێگــــری لە ســــەرهەڵدانەوەی خەبــــاتی چەکــــداریی. باســــی دووەم: تەرخــــانکراوە بــــۆ پێکهێنــــانی مەفــــرەزە ســــەرەتاییەکانی (پ.د.ک/ ســــەرکردایەتی کــــاتی). باســــی ســــێیەم: ئامــــاژە بە هەڵوێســــتی وڵاتــــانی هەرێمیــی هەریەک لە ئێــران، تورکیــا و ســوریا کــراوە ســەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی خەبـاتی چەکداریی. باسـی چـوارەم: تـایبەت کـراوە بـۆ چـالاکیی پـارتیزانیی هێزەکانی پێشـمەرگە بەرانـبەر حکـومەتی عێـراق لە مـاوەی سـاڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩).

هەڵــبەتە بــۆ نووســینی ئەم تــوێژینەوەیە ســوود لە ســەرچاوەی

فرەچەشـــن وەرگیـــراوە، لەوانە: بەڵگەنامەکـــان: نووســـراوی فەرمـــی و بەلاغی عەسکەری سوودیان لێ وەرگیراوە، پەرتووکەکان بە زمانەکانی کـوردی و عەرەبـی لە ســـەرچاوە ســـوود لێوەرگیراوەکـــان بـــوون، کە گرنگترینیـــان: (بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد لە باشـــووری کوردستان١٩٧٥-١٩٨٠)ی (جەمال فەتحوڵڵا تەیب) و (التيارات السياسية فـي كردسـتان العـراق)ی (صـلاح الخرسـان) و (سـنوات المحنـة فـي الكردستان (اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان العراق من ١٩٥٨ الـى ١٩٨٠))ی (شـكيب عقـراوي) بـوون، لەگەڵ ژمـارەیەک یادداشـتنامەی چەنـد کەسـایەتییەک، وەکـو: (بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، شۆڕشـی گـوڵان. ١٩٧٥-١٩٩٠)ی (مەسـعوود بـارزانی) (سـەرەتای شۆڕشـی نـوێی سـاڵی ١٩٧٦ چـۆن دەسـتی پێکردووە)ی (مەلا شێم حەمەد حاجی ئۆمەرانی) و (لە کەناری دانوبەوە بۆ خرِی ناوزەنگ- دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٧٨)ی (نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین) سـوودیان هەبـوو بـۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**دەروازە: پێشینەی مێژوویی:**

لە (١١ی ئەیلـولی ١٩٦١) شۆڕشـی ئەیلـول وەک پەرچەکردارێـک بەرانـبەر سیاسـەتی حکومەتی عێراق هەڵگیرسا (جەلال، ٢٠٢١، ١١٠-١١١). سـەرکەوتنی هێزەکـانی پێشـمەرگە لە بەرەکـانی شـەڕ و درێژەکێشـانی شـۆڕش، لەلایەکی دیکەوە دروست بـوونی نـاڕەزایەتی لەناو سوپای عێراق، جگە لەوەش وڵات بە دۆخێکی ئابووری سەخت دا تێدەپەڕی ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەعسییەکان سوود لەو دۆخە وەربگرن، لە (٨ی شـوباتی ١٩٦٣)، لەکودەتایەکدا بێنە سـەر دەسـەڵات (عبدالرحمان، ٢٠٠٥، ١٢١؛ یوسفی، ٢٠١٦، ٢٧). بـارودۆخ دوای کودەتـا نە شەڕ و نە ئاشتی بوو، حکومەت لە هۆشدارییەکدا، لە ڕادیۆی بەغدا،

کوردی بە جوداخواز ناوبرد (نەبەز، ٢٠٠١، ١٥٠). ئەو دۆخە بووە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ، لە (١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣) هێزی ئاسمانیی سوپای عێراق بۆردومانی ناوچەکانی کوردستانی کرد(عقراوي، ٢٠٠٧، ١٢٥)، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتیی شۆڕش، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق و داکۆکیکردن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، بەرەکانی شەڕ دابەشکران بەسەر (١١) بەرەی شەڕ لە زاخۆ تا خانەقین(بارزانی، ب٣، ب١، ١٢٥ بەدواوە؛ عەبدولقادر، ٢٠٠٩، ٢١١).

شکستەکانی سوپای عێراق بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە، وایکرد حکومەت بیر لە دانوستان بکاتەوە، دوای وتوێژ و ڕاگۆڕینەوە ڕێککەوتننامەی (١٠ی شوباتی ١٩٦٤)[١] هاتەئارا، کە بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی سەرکردایەتی (بارزانی)، (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٢٧)، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەوەی حکومەت بە دەرفەتی بزانێت لە (١٩٦٥) بەرەیەکی تری شەڕ لە کوردستان دەست پێ بکاتەوە، بەڵام لە زۆربەی شەڕەکان دووچاری شکست بۆوەوە (حەمە شەریف، ٢٠١٢، ١٧٩-١٨٠؛ بارزانی، ب٣، ب١، ٢٠٢٠، ١٩٣-١٩٩). بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی حکومەتی عێراق لە شەوی (٣/٢ی ئایاری ١٩٦٦) هێرشێکی گەورەی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە چیاکانی زۆزک و هەندرێن لە ناوچەی ڕەواندز (بارزانی، ب٣، ب١، ٢٠٢٠، ٢١٦)، ئامانجی حکومەت لەو هێرشە گرتنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو، زیاتر لە (٦) جار هەوڵی گرتنی پێگەکانی پێشمەرگەیان دابوو، بەڵام دووچاری شکست ببوون (نەکدیمۆن، ٢٠١١، ١٩٤-١٩٥). ئەمەش وایکرد حکومەت بگاتە ئەو بڕوایەی کێشەی کورد بە هێزی سەربازی چارە ناکرێت، دوای کۆبوونەوەی کاربەدەستانی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش بەیاننامەی (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦)[٢] ڕاگەیەندرا و ڕێککەوتن هاتەئارا،

بەڵام خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لەلایەن حکومەتی عێراق پشتگوێ خران، حکومەتی عێراق لە (١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨)، هێرشی کردەوە سەر بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش، شەڕەکە تا (کانوونی دووەمی ١٩٦٩) بەردەوامی هەبوو (جەلال، ٢٠٢١، ٣٩٠-٣٩١)، لە بەرانبەردا هێزەکانی پێشمەرگە (١ی ئادار ١٩٦٩)، بە یارمەتی شارەزایانی ئێرانی هێرشیان کردە سەر دەزگا نەوتییەکانی کەرکووک و کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا (جالدیار، ٢٠٠٧، ١٠٩؛ حسێن، ٢٠١٠، ٢٧-٢٨). بە هۆی بەردەوام بوونی شەڕ و پەیدابوونی ناڕەزایی شەقامی عێراقی و بەفیڕۆ چوونی بودجەیەکی زۆری وڵات بۆ لایەنی سەربازی و چەند هۆکارێکی دیکە، دانوستان لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕش دەستی پێ کرد (یوسفی، ٢٠١٦، ٥٤)، دواجار هەردوولا لە (١١ی ئاداری ١٩٧٠)، گەیشتنە ڕێککەوتن (العاني، ١٩٧٠، ١١).

بارودۆخی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) نە شەڕ نە ئاشتی بوو، حکومەتی بەعس خۆی لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە دەدزییەوە ( عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١٤٧-١٤٨)، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕ. سوپای عێراق لە (٢٣ی نیسانی١٩٧٤)، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، شەڕ و پێکدادانی قورس لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕوویدا (ئیسماعیل، ٢٠١٦، ١٣١). لە ئاکامی شکستەکانی سوپای عێراق بەرانبەر پێشمەرگە و کەم بوونەوەی چەک و تەقەمەنی، هەروەها بۆ دەربازبوون لەو دۆخە هەستیارە، حکومەتی عێراق هەوڵی نزیک بوونەوەی لەگەڵ ئێران دا، دواجار ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە (٦ی ئاداری ١٩٧٥)، لە نێوانیان واژۆکرا (بابان زادە، ٢٠١٣، ١١٧). ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئێران هەموو هاوکارییەکی بۆ شۆڕشی کورد لە عێراق ڕابگرێت، لە لایەکی

دیکەوە بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش ئەستەم بوو، لەو دۆخەدا بەردەوامی بە شـۆڕش بـدات، هەر بـۆیە بڕیـاری کۆتـایی هـاتنی شـۆڕش لە (١٩ی ئاداری ١٩٧٥) درا(حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ١٨).

**باسی یەکەم: زەمینەی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی:**

سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی دوای نسکۆی (١٩٧٥)، کارێکی ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥)، دۆخەکەی لە بەرژەوەندیی عێراق یەکلایی کردەوە. لەو ئاکامەدا سـەرۆک کۆمـاری عێـراق ئەحـمەد حەسـەن بەکـر (١٩٦٨-١٩٧٩) پێـی وابـوو خەبـاتی چەکداریی کوردی کۆتـایی هـاتووە (الاتحـاد الـوطني الكردسـتاني، بيـان، ١١/ايلول/١٩٧٥). دوای نسکۆ بۆشاییەکی گەورە لە کوردستان دروست بوو، ئەمەش دەرفەتی بە حکومەتی عێراقدا، بۆ جێبەجێ کردنی خواست و ویسـتەکانی بـۆ سـەرکوتکردنی جـووڵانەوەی نەتەوەیـی کـورد و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردسـتان (شـۆرش، ٢٠٠١، ١٣٧). لەم بـارەیەوە چەنـد هەنگـاوێکی بە ئاراسـتەی تواندنەوەی نەتەوەی کـورد لە بـۆتەی عەرەبیدا نا، وەک:

١- هەنگـاوی ڕاگواسـتن و بە عەرەب کـردن: لە سـایەی ئەم سیاسـەتەدا، حکـومەتی عێـراق زۆر خێزانـی کـوردی، لە ناوچەکـانی کەرکووک، شنگال، خانەقین و شـێخان بـۆ خـوارووی عێراق ڕاگواست، سـەدان گونـدی کـوردی چـۆڵ کـرد و عەرەبـی تێـدا نیشـتەجێ کـرد (ی.ن.ک، بەیاننامە، ١٩٧٥/٩/١١). بەپێی ئامارێک گوندە ڕاگوێزراوەکانی شـارەکانی هەولێـر، سلێمانی، کەرکـووک و دهـۆک، لە مـاوەی سـاڵانی (١٩٧٤-١٩٧٦)، بریتـی بـووە لە (١٢٢٦) گونـد دوای ڕاگواسـتنی دانیشتوانەکەی تێکدراون (عبدالرحمن، ١٩٩١، ١٣٩؛ حەمەد، ٢٠١٩، ٢٧-٢٨). بیـانووی حکـومەت بـۆ چـۆڵکردن و تێکـدانی ئەو گونـدانە و

جێگیرکردنی سوپا تیایاندا، هەژمارکردنیان بووە بە ناوچەی ئەمنی و ستراتیژی (ئیلنجاغی، ٢٠٠٦، ٣٣). بەڵام ڕاستییەکەی بۆ ئەوە بوو، کە قوولایی پشتگیری بۆ پێشمەرگە نەهێڵێت و سەرچاوەی ژیان و خواردنیان لێ ببڕێت. هەروەها بۆ دابڕینی ئەم بەشەی کوردستان بوو لە پارچەکانی دیکە (کۆمەڵە، ژ١، کانوونی دووەمی١٩٨٥، ٢٢). هەرچی سەبارەت بە بە عەرەب کردن بوو، حکومەتی عێراق بە مەبەستی سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی کوردی، لە ناوچە کوردییەکاندا دەستی بە گۆڕینی ناوە کوردییەکان کرد بۆ عەرەبی (سەنگاوی، ٢٠١٧، ٤١٥). بەپێی مەرسومێکی کۆماری ژمارە (٦٠٨) لە (١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥)، قەزاکانی کەلار و چەمچەماڵ، لە پارێزگای کەرکووک جیاکرانەوە و خرانە سەر پارێزگای سلێمانی، بەپێی هەمان مەرسوم قەزای (کفری) لە پارێزگای کەرکووک جیا کرایەوە و خرایە سەر پارێزگای دیالە (الوقائع العراقیة، ع ٢٥٠٣، ١٩٧٥/١٢/١٥، ١٩). سیاسەتی بە عەرەب کردن کاری کردە سەر دۆخ و گوزەرانی هاوولاتییانی کورد لە کەرکووک، حکومەت ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارانی عەرەبی لە کەرکووک نیشتەجێ کرد، لە بەرانبەردا کرێکار و فەرمانبەرانی کوردی لە شارەکە دوورخستەوە (محمدأ، ٢٠١٢، ٤٩). مەبەستێکی دیکەی حکومەت لە هێنانی عەرەب بۆ کوردستان، دوورخستنەوەی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان بوو بۆ خوارووی عێراق، ئەوەش لەپێناو ئەوە بوو کە کورد لەسەر خاکی خۆی بکاتە کەمینە (محمد ب، ٢٠٠١، ٤٢؛ لەیزەر، ٢٠٠٤، ١٥٥).

٢- هەنگاوی بە بەعسی کردن: ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعس بریتی بوو لە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی، ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی بوو لە جیهانی عەرەب (حەمەد، ٢٠١٩، ٢٥)، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراق گوشارێکی زۆری خستبووە سەر هاونیشتمانیانی

کورد، بۆ ئەوەی ببنە بەعسی، هەر کەسێک کە دەبووە بەعسی، بەڵگەنامەیەکی پێ واژۆ دەکرا، پاشگەزبوونەوە لێی حوکمەکەی لە سێدارەدان بوو (نێروەیی أ، ب١، ٢٠٢٢، ٥٠).

٣- هەنگاوی سەربازی: حکومەتی عێراق دوای نسکۆی (١٩٧٥)، بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی، تۆڕی سیخوڕی و هەواڵگری لە شارەکانی کوردستان فراوانتر کرد، هەزاران ئەمن و پۆلیسی نهێنی لە شارەکانی کوردستان بڵاوە پێ کردبوو (ڕێبازی نوێ، ژ١٩، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ١٥). بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی کوردستان و جێگیرکردنی سوپاکەی لە ناوچەی شاخاوی و دوورە دەستەکاندا، چەندین ڕێگای دروست کرد، ئەمەش لە پێناو ئەوەدابوو کە دەسەڵاتی بگاتە دوورترین شوێنی کوردستان و کۆنترۆڵی ناوچە شاخاوییەکان و ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی (عەبدولرەحمان، ٢٠١١، ٩٩-١٠٠). لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق دوای نسکۆی (١٩٧٥) دەستی بەسەر چەکێکی زۆردا گرتبوو، هەروەها بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە چەکەکانیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبووەوە، نزیکەی (١٥٠) هەزار چەک دەستی بەسەردا گیرا بوو (دزەیی ٢٠١١، ١٤٤). حکومەتی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٨٠٧) لە (٢٩ی تەمووزی ١٩٧٥)، قەدەغەی چەک و تەقەمەنی کرد لە باشووری کوردستان (هاوکاری، ژ٢٧٩، ١٩٧٥/٨/١٥، ١). ئەمەش جۆرێک بوو لە سیاسەتی داماڵینی چەک. هەروەها حکومەتی عێراق چاودێرییەکی توندی سنوورەکانی دەکرد، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هێنانی چەک بۆ باشووری کوردستان، بۆیە لەم بارەیەوە بڕیار و سزای توندی دەرکردبوو (استخبارات موصل، ع ١/س ٩/١٩٢، نیسان ١٩٧٥؛ مستەفا، ٢٠١٨، ٥٦)، بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، هەر جۆرە کارێکی سیاسی لەنێو سوپا قەدەغە کرا بوو، لە (١٩٧٦) بڕیارەکە

توندتر کرا، هەر کەسێک لەناو سوپا چالاکیی سیاسی هەبێت، جگە لە ئەندامانی حیزبی بەعس لە سێدارە دەدرا (نێروەیی أ، ب١، ٢٠٢٢، ٥١).

٤- هەنگاوی کۆمەڵایەتی: دوای (١٩٧٥) باروودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان تێکچوو، خەڵکی لەوپەڕی نائومێدیدا بوون، حکومەت بۆ لێک هەڵوەشاندنەوەی خێزانی کوردی و دوورخستنەوەیان لە زێدی ڕەسەنی خۆیان، خێزانێکی زۆری کوردی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ڕاگواست بۆ باشووری عێراق، ئەو پلەدار و فەرماندانەی لە شۆڕشی ئەیلول ڕۆڵیان هەبوو، لە شارەکانی باشووری عێراق بە ڕاژەی فەرمانبەری ئیداری دامەزرێنران (سۆڵەیی، ب١، ٢٠٠٧، ١٩٥). ئەو خێزانانە لەسەر بنەمای ئەو لێبوردنە گشتییەی حکومەتی عێراق دەری کردبوو لە ئێران گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان، بەڵام حکومەت بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد، لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران و گوازرانەوە بۆ خوارووی عێراق. بە جۆرێک نائومێد بوون بگەڕێنەوە سەر کاروباری ئاسایی خۆیان، باروگوزەرانیان زۆر خراپ بوو، لە سادەترین مافی ژیان بێ بەش کرابوون (محەمەد، ٢٠٠٤، ١٢٥؛ میدڵ ئێست ووچ، ٢٠٠٤، ٨٢). جگە لەوەش دۆخی خێزانە کوردییەکانی کوردستان لە دۆخی خێزانەکانی کوردییەکانی خوارووی عێراق باشتر نەبوو، لە ڕووی خزمەتگوزاری و تەندروستی حکومەت شار و شارۆچکەکانی کوردستانی پشتگوێ خستبوو، نەبوونی بنکەی تەندروستی بووبووە هۆی بڵاوبوونەوەی جۆرەها پەتا و نەخۆشی (محەمەد، ٢٠٠٤، ٦٨).

٥- هەنگاوی ئابووری: وێڕای خراپی ڕەوشی ئابووریی کوردستان، وەک: نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و بڵاوبوونەوەی بێکاری، حکومەت مەبەستی بوو خەڵکی کوردستان هەمیشە چاوی لە دەستی بەزەیی ئەو بێت، نەتوانن هێزێکی بەرهەمهێن بنیات بنێن، هەروەها

کوردستان بنکەیەکی بەهێزی پیشەسازی و کشتوکاڵی و دارایی و بازرگانی نەبێت (مینە، ٢٠١٢، ١١٨). هەرچەندە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئاست و گوزەرانی هاووڵاتییانی عێراق باشتر بوو، بەڵام لە کوردستان هاووڵاتییان لە دۆخێکی خراپی ئابوورییدا دەژیان (حەمەد ب، ٢٠٠٥، ١٩). حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٧٥) بە بڕیارێک (٥) هەزار کرێکاری کوردی لە کۆمپانیای نەوت لە کەرکووک دەرکرد، هەروەها نزیکەی (١٠) هەزار کرێکاری عەرەبی لە ناوچەکانی کەرکووک، کفری و خانەقین نیشتەجێ کرد، هەر خێزانێک لەو کرێکارە عەرەبانە خانوویەک و پارچە زەوییەکی پێ دەبەخشین، لە هەمانکاتدا (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش)ی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٣٦٩)، فەرمانی بە قەدەغەکردن و تاپۆکردنی زەوی و زار بەناوی هاووڵاتییانی کورد لە کەرکووک کرد (الوقائع العراقیة، ع(٢٤٧٥)، ١٩٧٥/٤/١٢؛ جەلال أ، ٢٠٢١، ٦٤٤).

لە ئاکامی ئەو هەنگاو و سیاسەتانەی حکومەتی عێراق و گوشاری توند لەسەر هاووڵاتییانی کورد و سەختیی ژیان و گوزەرانیان، کورد جارێکی دیکە بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناچارکرا دەست بداتەوە چەک و خەباتی چەکداریی دەست پێ بکاتەوە. لەو سۆنگەیشەوە شەوی (٢٥-٢٦ی ئایاری ١٩٧٦)دا، یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان سوپای عێراق و مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، کە ژمارەیان (٢٢) کەس بوو ڕوویدا (برایەتی، ژ١٦٥٣، ١٩٩٣/٥/٢٤، ٣). شێم حەمەد کە بەشداربوویەکی چالاکییەکە بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "شەوی (٢٥-٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) لە ناوچەیەک بە ناوی (دۆڵە زەوی) کە دەکەوێتە بەرانبەر گوندی (شیوەڕەش)، تەنیا دوو کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوورە، کەوتینە ناو کەمینێکی عەسکەری "(حاجی ئۆمەرانی، ٢٠١٣، ٢٨). دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەفرەزە پێشمەرگە لەگەڵ سوپای

عێراق، سەرەڕای برینداربوونی (٢) پێشمەرگە و کوژرانی (١)ی دیکە، بە هۆی ناهاوسەنگیی هێز و نەبوونی چەک و تەقەمەنی، پێشمەرگەکان کشانەوە سنووری ئێران (الاتحاد الوطني الكردستاني، ١٩٧٦/٦/٩). لە بەرانبەردا زیانەکانی سوپای عێراق بریتیبووە لە کوژرانی (٨) سەرباز و برینداربوونی (١٢)ی دیکە (ح.د.ک، ق.م، بلاغ العسكري رقم (١)، تموز ١٩٧٦).

**باسی دووەم: دامەزراندنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی)**

دوای کشانەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ ئێران لە (١٩ی ئاداری ١٩٧٥)، بەشێک لە پێشمەرگەکان لەسەر سنوورەکانی عێراق و تورکیا، بە تایبەت لە ناوچەکانی بەرواری، نێروە و هەرکی بنەجێ مابوون، خۆیان ڕادەستی حکومەت نەکردبوو، ئەوانەی لەبەر بەسەرچوونی ماوەی وەرگرتنیان لە ئێرانەوە گەڕێنرابوونەوە عێراق، (بارزانی أ، ب١، ٢٠٢١، ٣٣؛ شورش، ٢٠٠١، ١٤٢)، بەشێک لەو کادیرانەی لە ئێران بوون لە هەوڵی دامەزراندنەوەی (پ.د.ک/ سەرکردیەتی کاتی) بوون، بۆیە لە (نیسانی ١٩٧٥)، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩)، لەمەڕ دامەزراندنی ڕێکخستنی نوێی حیزبی، هەریەک لە مەسعوود بارزانی و ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧)، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی حیزب و کۆکردنەوەی کادیر و پێشمەرگەکان و ئامادەکردنیان بۆ ناردنەوەیان بۆ کوردستان، چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا (برایەتی، ژ٣٦٩٥، ٢٠٠٢/٥/٢٦، ٤). یەکەم کۆبوونەوە لە (١٥ی نیسانی١٩٧٥) لە کانیاوێکی دەرەوەی شاری نەغەدە (حەوت کانی)، بە بەشداریی مەسعوود بارزانی، جەوهەر نامیق سالم (١٩٤٦-٢٠١١)، کەریم شنگالی، ئازاد بەرواری و محەمەد ڕەزا ئەنجام دراوە، چەند

بڕیارێـک درا، لەوانە: سـپاردنی ئەرکـی سەرپەرشـتیاری حیزبـی بە مەسعوود بـارزانی، ئەرکەکانی نـاوەوەی وڵات بە هەر یەکە لە جەوهەر نـامیق سـالم، کەریـم شـنگالی، ئـازاد بەرواری، عـارف تەیفـوور، کەمـال کەرکووکی و عەبدولعەزیز شێرکۆ سپێردرا، هەروەهـا سەرپەرشـتیاری کاروباری دەرەوەش بە سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٢-٢٠٠٤) و محەمەد ڕەزا سپێردرا (بارزانی أ، ٢٠٢١، ل٢٣). دوای کۆبوونەوەی (١٢ تـا ١٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥) چەند بڕیـاری گرنـگ دران لەوانە: دەسـت پـێ کـردنەوەی خەبـاتی چەکداریی و دامەزرانـدنی (پ.د.ک/ سـەرکردایەتی کـاتی) دەسـتەی دامەزرێنەرانـی پێکهـاتبوو لەمـانە: ئیـدریس بـارزانی، مەسـعوود بـارزانی، عەلـی عەبـدوڵڵا (١٩٢٦-٢٠١٧)، نـووری شـاوەیس (١٩٢٢-١٩٨٣)، سـامی عەبـدولڕەحمان، جەوهەر نـامیق سـالم، مـحەمەد ڕەزا، ئـازاد بەرواری، عـارف تەیفـوور و کەریـم شـنگالی (الخرسـان، ٢٠٠١، ٢٤٧؛ بـارزانی أ، ٢٠٢١، ل٥٠). یەکەمـین بەیاننـامەی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) لە (١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥)، لەژێر ناونیشانی "کوردستان مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتە، ئەی جەماوەر خەبات بکەن، واقیعی نەکسە لابدەن" ڕاگەیەنرا، لە دووتوێی بەیانەکەدا سیاسەتی نوێ و ئامـانجی خەبـاتی چەکـداریی ڕوون کـراوەتەوە، بە تونـدیش هێـرش کـراوەتە سـەر عێـراق و وڵاتـانی هەرێمیـی، هەروەهـا جەخـت لەسـەر بەردەوامیدان بە خەباتی چەکداریی و شـەڕی پارتیزانی بۆ بەدیهێنـانی دیمـوکراتی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان کـراوەتەوە. بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتی چەکداریی، (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) بڕیـاردرا چیتـر پشـت بە هاوکـاریی دەرەکـی نەبەسـترێت (ح.د.ک، ق.م، ١٩٧٥/١٢/١٠). لەو چوارچێوەیەدا (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) دەسـتی بە ناردنەوەی مەفرەزە سـەرەتاییەکان بۆ باشـووری کوردسـتان کـرد. نـاردنەوەی دەسـتەی چەکـداری بـۆ باشـووری کوردسـتان، لە (٢٠ی

تشـــرینی دووەمـــی ١٩٧٥) هەنگـــاوێکی بـــاش بـــوو بـــۆ دامەزرانـــدنی مەفرەزەی پارتیزانی لە ناوچە جیاجیاکان (ح.د.ک، ق.م، ٢٦/ایار١٩٧٧). دەســـتە چەکـــدارەکان بە نهێنـــی بە ســـنووری کوردســـتانی بـــاکووردا بەڕێـدەکران، بـۆ گەیشـتن بە شـوێنی دیـارکراوی خۆیـان، ئەم پـلانە نـــزیکەی (٣) مـــانگی خایانـــد (مەلا قـــادر، ٢٠١٦، ٢٠٧). بەم جـــۆرە لە هەنگـاوی یەکەمـی (پ.د.ک/ سـەرکردایەتی کـاتی)، بە هـۆی چـاودێریی توندی سنوورەکانی عێراق و ئێران، بە پێویست زانرا بۆ دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداریی، سنووری چالاکیی چەکداریی (پ.د.ک/ سـەرکردایەتی کـاتی) لە باشـووری کوردسـتان بـۆ دوو هەرێـم دەسـت نیشان بکرێ:

**یەکەم: هەرێمی بادینان:** سنوورەکەی لە حاجی ئۆمەران لە دیوی بادینـان دەسـت پـێ دەکـات، ناوچەکـانی دهـۆک، ئامێـدی و ئـاکرێ، تـا سنووری سـوریا و هەروەهـا بەشـێکی هەولێریشـی دەگرتەوە، لە لایەن کەریـم شـنگالی و جەوهەر نـامیق سـالم سەرپەرشـتی دەکرا (برایەتـی، ژ(١٦٥١)، ١٩٩٣/٥/٢٢، ٣).

**دووەم: هەرێمی (٢)ی سۆران:** ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیـان و بەشـێک لە هەولێـری دەگرتەوە، ڕێگـای (هـاملتۆن)، خـاڵی جیاکەرەوەی هەرێمیی سۆران و بادینان بـوو. سـەرەتا عـارف تەیفوور و حەمە ڕەزا بـــۆ سەرپەرشـــتیکردنی ئەم هەرێـــمە دانـــران، بەڵام لە لایەن دەزگـــای ســـاواک دەســـتگیرکران (برایەتـــی، ژ٢٣٣٧، ١٩٩٧/٥/٢٦، ٤)، بـــۆیە لە شـوێنی ئەوان کەمـال کەرکـووکی بـۆ هەرێمیـی سـۆران نێردرا. کەمـال کەرکووکی لە (١٢ی ئایاری ١٩٧٦) گەیشتەوە باشووری کوردستان، کە لە ســـەرەتادا ژمـــارەی دەســـتەکەیان کەم بـــووە (برایەتـــی، ژ (١٦٥٢)، ١٩٩٣/٥/٢٣، ٣؛ برایەتـــــــی، ژ (١٦٥٥)، ١٩٩٣/٥/٢٧، ٢)، لە دۆڵـــــــی جافایەتییەوە بە نهێنی پەیوەندییان بە کەسانی دەستەبژێری جێی متمانە

کردووە، دواتر دەستیان بە دروستکردنی دەستەی چەکداریی بچووک بچووک کردووە (گوڵان، ژ (٥٣٨)، ٢٠٠٥، ٥-٦).

## باسی سێیەم: هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد

### ١- هەڵوێستی ئێران لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد:

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، عێراق و ئێران بە قووڵایی (٣٠)کم، دەستیان بە دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوانیان کرد، تەنانەت بواریان بە هێزەکانی یەکتر دەدا، لەپێناو ڕاوەدوونانی هێزە کوردییەکان، سنوورەکانی یەکتر ببەزێنن (تەیب، ٢٠١٢، ٣٠٦-٣٠٧)، چونکە ئەو دەوڵەتانە کێشەی کوردیان بە مەترسی دەزانی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆیان، بۆیە لەسەر پیادەکردنی سیاسەتێکی توند بەرانبەر بە کورد ڕێککەوتبوون (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣، ١٤). بەپێی ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ئێران دەرگای بە ڕووی خەباتی چەکداریی کورددا لە باشووری کوردستان داخستبوو، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو کەوتە هاوکاری کردنی عێراق (جمعية طلبة الاكراد، ١٩٧٨). بۆ ئەم مەبەستە چەندان لیژنەی هاوکاری و بەدواداچوون و هەماهەنگییان پێکهێنا، بۆ توندکردنی ئاسایشی سنوورەکان و ڕێگریکردن لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداریی کورد (امن سليمانية، رقم ٤٠٤٨، ١٩٧٦). لە (١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥) وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران (پرۆتۆکۆلی ئاسایشی سنوور)یان واژۆ کرد (محەمەد ئەمین، ٢٠١٤، ٨٨؛ عقراوی، ٢٠٠٧، ٣٨٣)، بڕگە سەرەکییەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئەمانە بوو:

١- بە مەبەستی ڕێگری لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد، هەردوولا زانیاری دەربارەی سنوور ئاڵوگۆڕ دەکەن.

٢- چاودێری کردنی سنوورەکان و ڕێگرتن لە دزەکردنی پێشمەرگە "تێکدەران".

٣- دەسەڵاتدارانی هەردوولا هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە.

٤- لە کاتی پێویست هەردوولا ڕێککەوتن دەکەن لەسەر دیارکردنی ناوچەی قەدەغەکراو.

٥- پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی هاوبەش بۆ ڕادەستکردنەوەی دەستگیرکراوەکان (محەمەدئەمین، ٢٠١٤، ٨٨-٨٩). بۆ ئەم مەبەستە دەزگای ساواکی ئێرانی ڕاسپێردرابوو بۆ گرتن و ڕادەستکردنەوەی پەنابەران بە حکومەتی عێراق، لەم چوارچێوەیەشدا ژمارەیەک لە سەرکردە و کادیرانی (ی.ن.ک) ڕادەستی حکومەتی عێراق کرانەوە (بارزانی، ب٣، ٢٠٢٠، ٦٦)، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) لە شارەکانی ئێران بڵاوەیان پێکرابوو، ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی ئەو پەنابەرانەی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ناردنەوەی دەستە چەکدارەکان بۆ باشووری کوردستان، ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕەکان بریندار دەبوون، بە نهێنی دەگەیەنرانەوە ئێران، چارەسەری پێویستیان بۆ دەکرا، زۆرجار ماڵی ئیدریس بارزانی پەناگە بوو بۆ پێشمەرگەکان، هەرچەندە لەژێر چاودێریی توندی دەزگای ساواکی ئێراندا بوو (محمد، ٢٠١٩، ٢٥١). فەلەکەدین کاکەیی (١٩٤٣-٢٠١٣) لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "لە ١٩٧٦ دەزگای ساواکی ئێران ئابلۆقەی ماڵی ئیدریس بارزانیان دا، ژوور بە ژووریان دەپشکنی، تەنانەت ژووری دایک و ماڵەوەیان، گوایە پێشمەرگەیەکی بریندار بدۆزنەوە لە ماڵیان" (کاکەیی، ٢٠١٥، ١٠١)، بەڵام دەزگای ساواک لە ئیدریس بارزانی دەکەونە گومانەوە، دواجار لە لایەن ژەنەراڵ ئەسیری، کە "بە درندەترین" بەرپرسی

دەوڵەتی ئێران دەناسرا، بانگهێشت دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە (کاکەیی، ٢٠١٥، ١٠١ ). بەرپرسانی ئێران لە (تشرینی یەکەمی ١٩٧٧)دا، داوا لە ئیدریس بارزانی دەکەن پەیوەندییەکانی خۆی لە باشووری کوردستان و هاوکارییەکانی بۆ پێشمەرگە ڕابگرێت (محمد ئەمین، ٢٠١٤، ٩٣).

ژەنەراڵ غوڵام ڕەزا ئەزهاری سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران، بە مەبەستی پاراستنی سنووری نێوان ئێران و عێراق، لە (١٩٧٨) سەردانی عێراقی کرد، لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی عێراق لەنێویاندا ئیسماعیل تایە نعیمی (١٩٢٧-٢٠١٥) کۆبووەوە، لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، دواتر لیژنەیەکی هەماهەنگیی سەربازییان، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری و ڕێگەدان بە هێزی ئاسمانی و زەمینی یەکتر، بۆ لێدان و ڕاوەدوونانی پێشمەرگە پێکهێنا (محەمەد ئەمین، ٢٠١٤، ١٠١)، هەربۆیە ئێران لە (١٩٧٨) ڕێگەی بە سوپای عێراق دا لە سنوورەکانی ئێرانەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی هێزەکانی (ی.ن.ک) ئەنجام بدات (الاتحاد الوطني الكردستاني، ١٩٧٨/٥/١٦). هەڵبەت ئێران و عێراق هەردوو لا کێشەی ناوخۆییان هەبوو، ئێران کێشەی پیاوانی ئایینی و عێراق کێشەی کورد، شای ئێران خەباتی چەکداریی کوردی گەمارۆ دابوو هاوکاری حکومەتی عێراقی دەکرد. دوای گۆڕانی دۆخی سیاسی ئێران لە (١٩٧٩)، دەروازەیەکی دیکە بە ڕووی خەباتی چەکداریی کورددا کرایەوە، ئەو گەمارۆیەی ئێران شکا (ئەمین، ١٩٩٢، ٣٤٩-٣٥٠).

## ٢- هەڵوێستی سووریا لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد:

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ئاراستەیەکی جیاواز لە پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سووریا هەبوو بە بەراورد لەگەڵ ئێران و تورکیا (حەمەدئەمین، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، ٢٥)، چونکە سووریا دەرگای

پەیوەندی بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی واڵا کرد، لەبەر ئەوەی ناکۆک بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق (ئەحمەد، ٢٠١٨، ١١٧). حکومەتی سووریا لە هەوڵی دروست کردنی پەیوەندی دابوو لەگەڵ (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی)، بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی دەستەی نوێنەرایەتی خۆی لە سووریا ڕاسپاردووە بەمەبەستی دروست کردنی پەیوەندییەکان (بارزانی، ب٤، ٢٠٢١، ٧٠)، لەو سۆنگەیەوە سوریا بۆ پارسەنگی هێز بە شێوەیەکی کاتی یارمەتی هێزە کوردییەکانی داوە، بەڵام قەبارەی ئەو یارمەتییە کەم بوو. هەروەها سووریا ناکۆکیی نێوان (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) و (ی.ن.ک) پێ خۆش نەبوو، لەبەرئەوەی دەیزانی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) پێگە و نفوزی لە سنوورەکانی تورکیادا هەیە، ڕێگاکانی ناردنی چەکیش بە تورکیادا تێدەپەڕێت، بەبێ کرانەوەی ڕێگاکان (ی.ن.ک) ناتوانێت گەشە بکات. بۆئەم مەبەستە مەسعوود بارزانی لەسەر بانگهێشتی سووریا سەردانی ئەو وڵاتەی کردووە (محمدئەمین ب ٢٠١٩، ٦٣-٦٤)، هەڵوێستە ئەرێنییەکانی سوریا لە بەرانبەر کوردەکانی باشووری کوردستان، هەر تایبەت نەبووە بە هاوکاریکردنی (ی.ن.ک)، بەڵکو لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ (پ.د.ک)دا هەبووە، بەڵام ئەو پەیوەندییە لەو ئاستە بەرچاوەدا نەبووە، چونکە سوریا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیەوە هاوکاری کوردی دەکرد، سوریا بە حوکمی ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراقدا، دەرگەی سنووری بۆ خەباتی چەکداریی کورد واڵا کردبوو (تەیب، ٢٠١٢، ٣١٢). لە لایەکی دیکەوە نەبوونی دەرفەت لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری، لەبەر ئەوەی ئێران ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق هەبوو، ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو بەشێک لە حیزبە کوردییەکان ڕوو لە سووریا بکەن (حەمەدئەمین، تشرینی یەکەمەمی ٢٠٢٢، ٢١). لە چوارچێوەی بەرەیەکدا درێژە بە خەباتی سیاسی و

چەکداریی بدەن بە ناوی (التجمع الوطني العراقي)، "توع"[٣] بەڵام (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) لەو بەرەیە ئەندام نەبوو، لە (کۆتایی ١٩٧٥) "توع" داوای لە (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) کردبوو ببێتە ئەندام، بەڵام ڕێکخستنی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) لە سووریا بەهۆی ئاگادارنەبوونی مەسعوود بارزانی، نەیانتوانی بوو وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرایان بدەنەوە، پەیوەندی "توع" لەگەڵ بارزانی پەیوەندییەکی خراپ نەبوو، بەڵام (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) نەبووە ئەندام لەو بەرەیە (نێروەیی، ٢٠١٩، ٦٧).

**٣- هەڵوێستی تورکیا لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد:**

تورکیا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە نزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لە یەکتر، ئامادەیی نیشاندا کارئاسانی بۆ عێراق و ئێران بکات لە پێناو ڕێگرتن لەو پەنابەرە کوردانەی ڕوو لە وڵاتەکەی دەکەن (اولسن، ٢٠٠١، ٢٣٩). هاوهەنگاو لەگەڵ ئەو سیاسەتە هەرێمییەی لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق گیرابووە بەر دژ بە خەباتی چەکداریی کورد، لە (ئەیلولی ١٩٧٥) شای ئێران سەردانی تورکیای کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنییەتی هەماهەنگی و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ئێران و تورکیا، بۆ لاوازکردنی خەباتی چەکداریی کورد و ڕێگرتن لە هەر جموجۆڵێکی هەرەشە ئاسا، هەروەها ڕێککەوتنی ئەو وڵاتانە لەسەر بەکارهێنانی هێز و بەزاندنی سنووری یەکتر بە مەبەستی لەباربردنی هەر جموجۆڵێکی چەکداریی کورد، لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان پارتە کوردییەکان بە مەبەستی پەرتەوازەکردنیان. حکومەتی تورکیا ڕاسپێررا بۆ ڕێگەگرتن بە هاتنە ناوەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە سووریاوە بۆ عێراق (عقراوي، ٢٠٠٧، ٤٤٣). لەو چوارچێوەیەدا لە (١٩٧٨) ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان عێراق و تورکیا مۆر کرا، لە ماددەی (٤) ئەو ڕێککەوتنە هاتووە:

هەماهەنگی و هاوکاری هەردوو لا لەسەر سنوورەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جموجۆڵی کورد، بە هۆی ئەوەی لەو ناوچانە پێشمەرگە چالاک بوو (بنغیو، ٢٠١٤، ٢٠٧). بۆ ڕێگەگرتن لە پەیوەندی و دەربازبوونی دەستە چەکدارەکان هەردوو دەوڵەت بازگەیان لەسەر سنوورەکان دانابوو، بۆیە هەریەک لە تورکیا، ئێران و عێراق گفتوگۆی سێ قۆڵیان ئەنجام دا، پرۆژەیەکیان گەڵاڵە کرد کە پشتێنەیەکی ئاسایش بە درێژایی سنوورەکان دروست بکەن بۆ ڕێگەگرتن لە پەیوەندیکردنی کوردەکان. بەپێی ڕێککەوتنامەی تورکیا و عێراق مۆڵەتی بەزاندنی سنووری یەکتریان دابوو (تەیب، ٢٠١٢، ٣١٤). هەر بۆ ئەم مەبەستە کەنعان ئیڤرین سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا لە (١٣ی نیسانی ١٩٧٩) سەردانی عێراقی کرد، هەردوولا لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەوتن، سەبارەت بە هەماهەنگیی هەواڵگری و سەربازی، هەروەها جەختیان لەسەر پاراستنی سنووری نێوانیان کردەوە (جليلى جليل وآخرون، ٢٠١٢، ٣٤٥).

دەتوانین بڵێین هەریەک لە دەوڵەتانی (ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا) مکوڕ بوون لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کورد و دژایەتی کردنی، لەم پێناوەشدا چەندان ڕێککەوتننامەیان مۆر کردووە. هەڵبەتە ئەم دەوڵەتانە ئەگەر یارمەتییەکی کوردیان دابێت لە قۆناغێکی دیارکراودا، لە چوارچێوەی سوود وەرگرتن بووە بۆ مەرامێکی تایبەت، بۆ نموونە: ئێران لە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلول یارمەتی کوردی داوە، بەڵام کاتێک بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ عێراق یەکانگیر بووە، پشتی لە کورد کردووە و سەرجەم هاوکارییەکانی وەستاندووە، چونکە ئێران سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلولی بە مەترسی دادەنا لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران (چیا، ١٩٩٣، ٨؛ سنجاري، ٢٠١٣، ٢٩٥).

## باسی چوارەم: چالاکی چەکداریی پێشمەرگەی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) (١٩٧٦-١٩٧٩):

دوای دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداریی، دەستە چەکدارییە سەرەتاییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتنە چالاکی نواندن، بە تایبەتی لە دەشتی هەولێر، قەرەداخ، قەندیل، گارە، مەتین و خواکوڕک، حکومەتی عێراق بە دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداریی کورد زۆر سەغڵەت بوو، هەموو توانای سەربازی خستەکار بۆ پەلاماردان و لەناوبردنی هێزی پێشمەرگە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، کە پەیڕەوی شەڕی پارتیزانی دەکرد سەخت بوو (حاجی ڕەسوڵ، ٢٠٠٣، ٤٥). شەڕی پارتیزانی یەکێکە لە بناخەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیی گەلان لەپێناو ئازادی، فەلسەفەی ئەو شەڕانە زیاتر هەڵمەت بردنی دەستەی چەکداریی بچووک بچووکە، بۆ سەر مۆڵگە و بنکەکانی هێزی بەرانبەر، بە تایبەت لە دێهات و ناوچە دوورە دەستەکاندا. لە هەمان کاتدا پێویستە هێزی پارتیزانەکان پەیوەندییان بە جەماوەرەوە هەبێت، هەروەها شەڕی پارتیزانی شەڕێکی درێژخایەنە، لە بەرانبەردا هێزی بەرانبەر دەیەوێت بە کورترین ماوە و کەمترین زیان لەم شەڕە دەربازی بێت(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٠، ٦-٧).

دەستە چەکدارەکان سەرەتا ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق، بە ئامانجی ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی و دەستخستنی چەک و کەلوپەلی سەربازی چالاکییان ئەنجام داوە (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢/٤/٢)[٤]. بۆ نموونە دەستەیەکی چەکدار لە هەرێمی بادینان، (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦)، لە چالاکییەکدا بە سەرپەرشتی کەریم شنگالی، ناوچەی گوڵی لە گوندی (نزۆر)، هێرشیان بردۆتە سەر بنکەیەکی سەربازی سوپای عێراق، بە تەواوی خاپووریان کرد، ئەم چالاکییە لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکان دەنگدانەوەی هەبوو (ح.د.ک، بلاغ

عسکری، رقم (١)، اواسط تموز ١٩٧٦، ١٢)، هاوکات ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچەکانی چۆمان، ڕەواندز، ڕانیە و سووورداش لە ئارادا بوو (ح.د.ک، بلاغ عسکري، رقم (١)، اواسط تموز ١٩٧٦، ١٢). لە (٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٦)، دەستەیەکی چەکداریی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی)، لەسەر ڕێگای (کانی باغا) زاخۆ، هێرشیان کردە سەر پاسەوانی سنوور، لە ئەنجامدا (٦) پلەدار و سەربازی عێراقی کوژران، هەروەها چەندان کەلوپەلی سەربازی دەستیان بەسەردا گیرا (ابو عنتر، ٢٠٠٥، ٦٢). لە لایەکی دیکەوە لە (١٨ی ئابی ١٩٧٦) لەسەر ڕێگای نێوان شەڕانش و دەشت لە ناوچەی سندی، هێزێکی سوپای عێراق کەوتە بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگەوە، دوای شەڕێکی سەخت (١٢) سەرباز کوژران، چەندین چەک لە جۆری کلاشینکۆف کەوتە دەست پێشمەرگە (ح.د.ک، بلاغ عسکري، رقم (٤)، ١ أيلول ١٩٧٦). سوپای عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی، لە (ئەیلولی ١٩٧٦)، هێرشی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی بادینان، کشان، قەسرۆک و ئەفلەهی دەست پێ کرد. هێزەکانی پێشمەرگە دوای چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عێراق توانییان پێگەی خۆیان لە ناوچەکە جێگیر بکەن (ح.د.ک، بلاغ عسكري، رقم (٥)، ١٨ تشرين الأول ١٩٧٦، ٢٢-٢٦). لە ئەنجامی بەرفراوانبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە بەرانبەر سوپای عێراق، ژمارەیەکی زۆر لە چەک و کەلوپەلی سەربازی کەوتنە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، گەورەترین چالاکیی هێزەکانی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی)، (شەڕی شارستێن) بوو سەربە قەزای دۆکان، کە لە (٢٦ی کانوونی یەکەم ١٩٧٦) ڕوویدا (صدى خبات، ع(٣)، ايلول ١٩٧٧، ٩)، دوو فەوجی سوپای عێراق بە پشتیوانی (١١) هەلیکۆپتەر بەرەو گوندەکانی سێ دەرە و شارستێن لە جووڵەدا بوون

(بارزانی أ، ب٢، ٢٠٢١، ٥٢؛ ح.د.ك، بلاغ عسكري، رقم (٨)، ١٩٧٦/١/٢٤، ٣٩)، بە سوود وەرگرتن لە کەش و هەوای ناوچەکە، کە تەمێکی زۆر ناوچەکەی گرتبۆوەوە، سوپا هێرشی بردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، سەرەڕای نابەرانبەری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەڕووی ژمارە و چەکەوە، پێشمەرگە لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بوون، ئەم چالاکییە لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکان دەنگی دایەوە (برایەتی، ژ(١٦٥٥)، ١٩٩٣/٥/٢، ٢)، زیانەکانی پێشمەرگە لەم شەڕەدا بریتی بوو لە کوژرانی (٧) پێشمەرگە و برینداربوونی (٤)ی دیکە (ئیسماعیل، ٢٠١٩، ١٥٥-١٥٦). سەبارەت بە زیانە گیانییەکانی سوپای عێراق بریتیبوو لە کوژرانی نزیکەی (١٦٣) سەرباز و ئەفسەر، سەرەڕای ئەوەی (٣) هەلیکۆپتەر خرانە خوارەوە (بارزانی أ، ب٢، ٢٠٢١، ٥٢). دوابەدوای ئەم شەڕە حکومەتی عێراق، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینی لە گوندەکە دەست پێ کرد، ژمارەیەک کەسی لێ دەستگیرکردن. لە ئەنجامی ئەم هەڵمەتەدا (٩) هاووڵاتی مەدەنی کوژران، (٣٢) کەسی دیکەش برینداربوون (ح.د.ك، بلاغ عسكري، رقم (٩)، ١٩٧٧/٢/٢٨، ٤١-٥٢). زیانەکانی پێشمەرگە لەم شەڕانەدا ئەوتۆ نەبوون، چونکە پەیڕەوی شەڕی پارتیزانییان دەکرد، هەروەها تا ڕادەیەک سەختی جوگرافیای ناوچەکە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. لە لایەکی تر نەشارەزایی سوپای عێراق لە جوگرافیای ناوچەکە هۆکار بوو بۆ زۆری زیانەکانی سوپای عێراق لە زۆربەی شەڕەکاندا، سەرباری خراپی ڕێگای هاتوچۆ و سەختیی گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بۆ ناوچە هێرش بۆ کراوەکان (حەسەن، ٣٠ی ئابی١٩٩٨، ٤٠).

به مەبەستی کۆتایی هێنان بە خەباتی چەکداریی کورد، لە (بەهاری ١٩٧٧) سوپای عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان (صدى خبات، ع(٣)، ايلول١٩٧٧، ٦)،

لەم هێرشـەدا زیـاتر لە (٦) فیـرقەی سـوپای عێـراق، واتـا نـزیکەی (٤٥) هەزار سەرباز و فڕۆکە و هەلیکۆپتەری جەنگی، تانک و چەکی قورس بەکـارهێنرا (بـاخەوان، ١٩٩٩، ٢٧٧). سـوپای عێـراق چەنـدین تەکتیکـی سـەربازی بەکارهێنـا، لەوانە: جەنگـی لەنـاوبردنی پارتیزانەکـان، جەنگـی ناو چیا، بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی (گۆڤـاری کـۆمەڵە، خـولی سـێیەم، بەشـی یەکەم، نیسـانی ١٩٨٥، ٢٦). شەڕەکە لە (نیسانی ١٩٧٧) دەستی پێ کرد. لەو هێرشەدا دوو نـاوچەی سـەرەکی کـرایە ئامـانج؛ نـاوچەی یەکەم: مەرگە، سـەرگەڵو، مـاوەت، دووکان و چوارتـا. ناوچەی دووەم: دۆڵی شـەهیدان، زارگەلی، وەڵزێ، ڕانـیە، چۆمـان و زنجیـرە شـاخەکانی قەنـدیل، ئامـانج لەو هێرشـە گەمارۆدانی پێشمەرگە بوو لە زنجیرە چیاکانی قەندیل، هەروەها کۆتایی هێنـان بە چـالاکی پێشـمەرگە لەو ناوچـانە بـوو. سـوپای عێـراق بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەر و تۆپ بۆردومانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەست پـێ کـرد، هێزەکـانی پێشـمەرگە بـۆ دەربـازبوون لەو دۆخە کشـانەوە، ئەمەش جۆرێک بوو لە تەکتیک، دواتر هێرشـی پێچەوانەیـان دەست پێ کرد و سوپای عێراقیـان ناچار بە کشانەوە کرد، وێرای ئەوەی سـوپا زیـانی گیـانی گەورەی بەرکەوتبـوو، کە نـزیکەی (٥٠٠) سـەرباز و ئەفسـەریان لە کـوژراو و برینـدار هەبـوو. لەم شـەڕەدا کـوژرانی (١٣) پێشـمەرگە و چەنـدین برینداری لێکەوتەوە (ح.د.ک، بـلاغ عسـكري رقـم (١٠)، ١٩٧٧/٤/٢٥، ٦٢-٦٣). بە مەبەسـتی قەرەبـووکردنەوەی ئەو شکستە سـوپای عێراق، لە (٢٥ی ئایاری ١٩٧٧) لە گوندی بێلمبێری لە ڕۆژئـاوای بەرواری بـاڵا، بە هێزێکـی نـزیکەی(٥٠٠) سـەربازی و بە پشتیوانی (٩) هەلیکۆپتەر، لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، شەڕێکی سەخت لە نێوان هەردوو لادا ڕوویدا، لە ئەنجامـدا بـووە هـۆی کـوژرانی (٤٥) سـەرباز و برینـداربوونی (٣)ی دیـکە، لە

هێزەکانی پێشمەرگە (١٤) کوژراو هەبووە (بارزانی أ، ب٢، ٢٠٢١، ٥٢). سوپای عێراق بە بیانووی هەبوونی پێشمەرگە و هاوکاریکردنییان لە لایەن گوندنشینانی دەڤەرەکە، لە (١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین لە گوندی (نهیل) لە ئامێدی دەست پێ کرد (ح.د.ک، بلاغ عسكری رقم (٢٠)، ٣٠ ايار١٩٧٩)، دوای پشکنینی گوندەکە و گەڕانەوەی هێزەکە بۆ ناوەندی ناحیەی دێرەلوک، لە (١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) هێزەکانی پێشمەرگە لەکاتی گەڕانەوەی هێزەکە لە بۆسەیەکدا ڕووبەڕوویان بوونەوە، لە ئەنجامدا (٨٣) سەرباز کوژران و (٣٤)ی دیکە برینداربوون (نێروەیی، ٢٠٢٢/٩/٩)[٥].

لە ئاکامی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی سوپای عێراق، لە (١٨ی ئایاری ١٩٧٩) هێزێکی زۆری سوپا بە پاڵپشتی فڕۆکەی جەنگیی تورکیا، لە گوندی (دەری) ناحیەی شێروان هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت پێشمەرگە توانی پێشڕەوییەکانی سوپای عێراق ڕابگرێت، کە بووە هۆی کوژرانی (٢٠) سەرباز (ح.د.ک، ٢٩ ايار ١٩٧٩). دوابەدوای ئەو شەڕە، بە مەبەستی دەرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە، سوپای عێراق بە پشتیوانی هەلیکۆپتەری جەنگی لە (٢٠ی ئایاری ١٩٧٩)، هێرشی کردە سەر قەزای مێرگەسۆر، لە ئەنجامی بۆردومانکردنی ناوچەکە زیانی گیانی و ماددی لە ناوچەکە کەوت، (٤) ئەندازیار لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستبەسەر کران، زیانەکانی سوپای عێراق لە کوژراو و بریندار بریتی بوو لە نزیکەی (١٣٠) سەرباز و ئەفسەر. هێزەکانی پێشمەرگە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە بۆردومانی سوپای عێراق و پاراستنی ناوچەکە پاشەکشەیان کرد (ح.د.ک، ٣١/أيار/١٩٧٩).

**ئەنجام:**

١- دوای نسکۆی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی، سوپاکەی لە ناوچە ستراتیژییەکان بڵاوە پێکردووە، تەنانەت لە شاخ و دۆڵەکانیش ڕەبیە و بنکەی سەربازی جێگیر کردووە. هاوکات چەند ڕێوشوێنێکی توندی گرتووەتەبەر، وەک: ڕاگواستن و تێکدانی گوندە سنوورییەکان، دامالینی چەک، بەڵام ئەم ڕێوشوێنانە ڕێگر نەبوون لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کە لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) لە حاجی ئۆمەران دەستی پێ کردووەتەوە.

٢- دوای نسکۆی (١٩٧٥) (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) دامەزرا، لە پەیڕەو پرۆگرامی جەختی لەسەر خەباتی چەکداریی کردووەتەوە و مەفرەزەی چەکداریی بچووکی لە ناوچەی سەخت و شاخاوییەکاندا دامەزراندووە، ئەو مەفرەزانە ڕۆڵیان هەبووە لە دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداریی.

٣- ولاتانی هەرێمیی کۆک بوون، لەسەر ڕێگری کردن لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی، چەندین ڕێککەوتننامەیان بەستووە بۆ پاراستنی سنوورەکانیان، هەروەها ئالوگۆڕکردنی زانیاریی هەواڵگری. تەنانەت ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان دژی پێشمەرگە ئەنجام داوە. وێرای ئەوەی سوریا لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداریی، هاوکاری هەندێک لە حیزبەکانی کرد، بەڵام لەو ئاستەدا نەبووە کە بتواندرێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی پاڵپشتی بۆ پێشمەرگە.

٤- چالاکیی هێزی پێشمەرگەی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) لە سالانی (١٩٧٦-١٩٧٩)دا بە شێوەی شەڕی پارتیزانی بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا ژمارەی پێشمەرگە کەم بووە، بەرانبەر

سوپای عێراق توانای شەڕی جێگریان نەبووە، جگە لەوەش جوگرافیای باشووری کوردستان بۆ شەڕی پارتیزانی یارمەتیدەر بووە.

٥- حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە جموجۆڵی مەفرەزە سەرەتاییەکان، چەندین تەکتیکی سەربازی بەکارهێناوە. سوپای عێراق لە (١٩٧٧) هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان، بەڵام نەیتوانیوە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکان دەربکات، ئەمەش بە هۆی دەرفەت وەرگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەختیی تۆپۆگرافیای ناوچەکە و شارەزاییان لە شەڕی پارتیزانی.

**پەراوێزەکان:**

١- ڕێککەوتننامەی (١٠ی شوبات): لە نێوان حکومەتی عێراق و مستەفا بارزانی لە (١٠ی شوباتی ١٩٦٤) واژۆ کرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، حکومەت دانی نا بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، هەروا نیشاندانی نیازپاکی خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵێک هەنگاوەوە، وەک: دەرکردنی لێبوردنی گشتی، گێڕانەوەی بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکان بۆ ناوچەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (بارزانی، ٢٠٢٠، ب٣، ب١، ١٦٠).

٢- بەیاننامەی (٢٩ی حوزەیران): ئەو بەیانە لە (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦) ڕاگەیەندرا، لە (١٢) مادده پێکهاتبوو، ناوەڕۆکی بەیانەکە، بریتی بوو لە: زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی خوێندن لە کوردستان، بەشداری کردنی کورد لە پایەکانی حکومەت، وەرگرتنی قوتابی کورد لە دەرەوە بۆ مەبەستی خوێندن، لێبوردنی گشتی بۆ گیراوانی سیاسی، ڕێگەدان بە کاری سیاسی و ئازادی ڕۆژنامەگەری. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (ئەمین ب، ١٩٩٧، ٩٢-٩٣).

٣-التجمع الوطني العراقي: دوای نسکۆی (١٩٧٥) ڕێکخراوێکی بەرەیی بوو، پێک هاتبوو لە پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی (قیادة القطری

العراقـــی)، پـــارتی کـــۆمە نیســـتی عێراقـــی، (قیـــادە مەرکەزی)، پـــارتی سۆسیالیست، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ئەمین، ١٩٩٢، ٦٥).

٤-ڕۆژبەیانی، ملازم یوونس: ناوبراو لە (١٩٤٤) لە شێخان لە دایک بووە، لە (١٩٦١) چـــووەتە کـــۆلێژی ســـەربازی لە (١٩٧١) پەیوەنـــدی بە هێـــزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە (١٩٧٤) دەبێتە بەرپرسی میحوەری زۆزک، لە (١٩٧٧) گەڕاوەتەوە باشـــووری کوردســـتان، لە کـــۆنگرەی (٩) پارتی دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩٢) بووەتە ئەندامی پەرلەمـانی کوردسـتان، لە (١٩٩٣) دەبێتە وەزیـری نـاوخۆ، لە کۆنگرەی (١٣) پارتی دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی. (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢١/٤/٢).

٥-نێروەیی، شوکری ساڵح: ناوبراو (١٩٤٥) لە دایک بووە، لە (١٩٦٠) بووەتە ئەندامی (پ.د.ک)، لە (١٩٧٦) پەیوەندی بە سەرکردایەتیی کاتی کردووە. دوای کۆنگرەی نۆیەم بووەتە سکرتێری سەرۆکی (پ.د.ک)، لە (١٩٨٥-١٩٨٦) کارگێڕی لقی چواربووە، دواتر دەبێتە بەرپرسی لقی (١) ناوبراو دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی حوکمی و حیزبی وەرگرتووە (نێروەیی، ٢٠٢٢/٩/٩).

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەڵگەنامەکان:**

**بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە:**


١-الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (١ ايلول ١٩٧٦)، بلاغ عسكرى، رقم ٤،

٢- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (١٨تشرين الأول١٩٧٦)، بلاغ عسكرى، رقم٥.

٣- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (تموز ١٩٧٦)، فرع اوروبا، بلاغ العسكري الرقم(١).

٤- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (اواسط تموز١٩٧٦.)، فرع أوروبا، بلاغ عسكري رقم (١).

٥- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (١٩٧٧/٤/٢٥)، لجنة العلاقات الخارجية، بلاغ عسكرى رقم (١٠).

٦- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (٢٩ ايار ١٩٧٩.)، لجنة علاقات الخارجية تنسيق عسكري عراقي تركي ضد الأكراد.

٧- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (١٩٧٦/١/٢٤)، لجنة علاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (٨).

٨- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (١٩٧٧/٢/٢٨)، لجنة علاقات خارجية، بلاغ عسكري رقم (٩).

٩- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (٣٠/ايار١٩٧٩.)، لجنه اعلام، بلاغ عسكرى رقم (٢٠).

١٠- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ قيادة المؤقتة، (، ٣١/أيار/١٩٧٩)، لجنة علاقات الخارجية، قوات الحكومة العراقية تقتل ٤ مهندسين.

١١- مديرية امن السليمانية (١٩٧٦/١٠/٣٠)، برقية سرية، الرقم (٤٠٤٨).

١٢- مركز استخبارات الموصل ( ٢ نيسان١٩٧٥)، م: معلومات، ع(١س/١٩٢/٩).

١٣- المكتب السياسي الاتحاد الوطني الكردستاني، (١٩٧٨/٥/١٦)، م: العسكري العراق- الايراني المشترك علي قوات حرب النصار الوطنية في كردستان.


**٢- بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان (١٩٧٦/٩/١)، بەیاننـامە، جەمـاهیری زۆرلێکـراوی کوردستان یەکگرن.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

١-الاتحـاد الـوطني الكردسـتاني (١١/أيلـول/١٩٧٥)، بيـان بمناسـبة الـذكري الرابعـة عشر لثورة ايلول، مؤسسة ژين.

٢- الاتحـاد الـوطني الكردسـتاني (١٩٧٦/٦/٩)، فلنحـبط حمـلات التشـريد والتهجيـر والقمع الوحشية، مؤسسة ژين.

٣- جمعية طلبة الاكراد، فرع م.م (١١ آذار ١٩٧٨)، م: المشكلة الكرديـة فـي العـراق وهل استطاع النظام الحالي ان يحلها.

٤- الحـزب الـديمقراطي الكردسـتاني/ القيـادة المؤقتـة (١٩٧٥/١٢/١٠)، كردسـتان الساحة الحقيقة للضال، يا جماهيرنا ناضلي وارفضي واقع النكسة،

٥- الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتـة (٢٦ ايـار ١٩٧٧.)، تحيـة الـى ثورة آيار الوطنية التقدمية فى ذكراها الاولى.

٦- مديرية امن سليمانية (١٩٧٦/٩/٨)، برقية سرية، ع (٣٥٧٤).

**دووەم: چاپکراوی حیزبی و حکومی:**

**أ-بە زمانی کوردی:**

١-ڕۆژبەیانی، یونس (٢٠٠٠)، سەرەتاکانی شەڕی پارتیزانی لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

**١**-عبدالرحمن، سامی (١٩٩١)، من اوراقي، مطبعة گەل، كوردستان.

**٢**-للعـانى، محمـد عبـدلباقى (١٩٧٠/٧/١٦)، مـاذا يعنـي بيـان السـلام التـأريخي ١١ اذار، وزارة الاعلام هيئة الرقابة.

**سێیەم: وتار و لێکۆڵینەوەکان:**

١-چیـا، (١٩٩٣)، ڕاگواسـتنی نـاوچە سـنوورییەکانی کوردسـتان، سیاسـەتی دەولـی (گۆڤار)، ژمارە (٢).

٢- حەسەن، مولازمی یەکە م دارەوان (٣٠ی ئابی ١٩٩٨)، سروشتی ناوچە شاخاوییەکان کاریگەرییان لەسەر بزاوتی سەربازی، دەنگی پێشمەرگە (گۆڤار)، ژمارە (٨).
٣- حەمەد، دلێر ئەحمەد (حوزەیرانی٢٠٠٠)، ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ی.ن.ک تێدا لە دایکبووە، ڕێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (١٩).
٤- حەمەدئەمین، ئەحمەد (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢)، سیاسەتی سووریا بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا ١٩٧٦-١٩٨٨، دیوان (گۆڤار)، ژ (١٧).
٥- محەمەدئەمین ب، فاروق محمد (٢٠١٩)، پەیوەندییەکانی جولانەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان و جیهانی عەرەبی (سوریا و لیبیا جولانەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین) بە نمونە، زانکۆی گەرمیان (گۆڤار)، ژمارە (١-٦).

**چوارەم: نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:**

١-حەمەدئەمین، ئارام ئەبوبەکر (٢٠١٦)، بارودۆخی سیاسی پارێزگای هەولێر ١٩٧٩-١٩٩١، نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر کراوە.

**پێنجەم: بیرەوەری و یادداشتەکان:**

**١**-ئیسماعیل، محەمەد عەلی (٢٠١٩)، بیرەوەرییەکانم حەفتا ساڵ تەمەن زیاتر لە نیوسەدە خەبات، بێ چاپخانە، بێ شوێنی چاپ.
٢- ئیلنجاغی، جەلال (٢٠٠٦) لە شارەوە بۆ شاخ، بەرگی یەکەم، بێ چاپخانە، بێ شوێنی چاپ.
٣- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٢)، لە کەناری دانوبەوە بۆخڕی ناوزەنگ یدوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٧٨، بێ شوێنی چاپ.
٤-ئەمین ب، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧)، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، بەرلین.
٥- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠١٨)، پشکۆیەک لەخۆڵەمێشدا بەشێکی گرینگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چاپی دووەم، بێ چاپخانە، سلێمانی.
٦- بارزانی أ، مسعود (٢٠٢١)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی

کورد١٩٧٥-١٩٩٠ شۆڕشی گوڵان، بەرگی چوارەم بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، بێ شوێنی چاپ.
بارزانی، مسعود (٢٠٢٠)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، بێ چاپخانە، بێ شوێنی چاپ.
دزەیی، موحسین (٢٠٠٩) وێستگەکانی ژیانم، دەزگای ئاراس. هەولێر.
مەلا قادر، محەمەد (٢٠١٦)، ساڵێک لە شێخ وەسانان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**شەشەم: کتێب:**

**أ-بە زمانی کوردی:**

بابان زادە، کامەران (٢٠١٣)، ڕێککەوتنامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
باخەوان، هاوڕێ (١٩٩٩)، هاوڕێنامە بۆ مێژوو کوردستان و کورد، چاپخانەی ڕوون، بێ شوێنی چاپ.
تەیب، جەمال فەتحولا (٢٠١٢)، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەباشوری کوردستان١٩٧٥-١٩٨٠، چاپخانەی شەهاب، هەولێر..
جەلال أ، برایم (٢٠٢١)، باشووری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بینادنان و هەڵتەکاندن١٩٦١-١٩٧٥، چاپی چوارەم، بێ چاپخانە، بێ شوێنی چاپ.
جەلال، برایم (٢٠١١)، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپی چوارەم، چاپخانەی چوارچرا، بێ شوێنی چاپ.
حاجی ڕەسول، شۆڕش (٢٠٠٣)، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٧- حاجی ئۆمەرانی، مەلا شێم حەمەد (٢٠١٣)، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکردووە، پێداچوونەوە: مومتاز حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٨- حسێن، وەصفی (٢٠١٠)، داستانا لێدانا گازخانە کەرکوک١٩٦٩، چاپخانەی خانێ، دهۆک.
حمەشریف، هاوکار کریم (٢٠١٢)، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٠- حەمەد ب، دلێر ئەحمەد (٢٠٠٥)، ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ی.ن.ک تێدا لەدایکبوو، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵێک گوتار و چاوپێکەوتن، چاپی دووم، سلێمانی.
١١- حەمەد، دلێر ئەحمەد (٢٠١٩)، مێژووی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٢- سۆڵەیی، محەمەد شێخ عبدولکەریم (٢٠٠٧)، ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٣- سەنگاوی، نەجم (٢٠١٧)، باشووری کوردستان ڕووداو و دەستکەوتەکان لە ١٩٠٠ تا ٢٠١٦، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١٤- شاکەلی، محەمەد (٢٠١١)، لە بزوتنەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ١٩٧٦-١٩٩٣، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.
١٥- عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان (٢٠١١)، مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٧٦ دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٦- عەبدولقارد، شڤان ئەحمەد (٢٠٠٩)، پێگەی یاسای جەنگاوەران لەیاسای مرۆیی نێودەوڵەتی دا پێشمەرگە وەک نمونە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.
١٧- عەبدوڵلا، فەرەیدوون عەبدولڕەحیم (٢٠٠٨) بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١مارتی ١٩٧٠- ١١ مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٨- عەبدوڵلا، ئازاد عەلی (٢٠٠٣)، شۆڕشی مەشخەڵانی نوێی کوردستان١٩٨١-١٩٨٨ لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتییە، پێداچوونەوە: ئەرسەلان بایز، بێ چاپخانە، سلێمانی.
١٩- کاکەیی، فەلەکەدین (٢٠١٥)، کۆبەرهەم، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٠- لەیزەر، شری (٢٠٠٤) کوردستانی بەرئاگرباران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٢١- محمد، کاروان جوهر (٢٠١٩)، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٧، چاپخانەی

هێڤی. هەولێر.
٢٢- محەمەد، مراد حەکیم (٢٠٠٤)، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
٢٣- محەمەدئەمین، فاروق محەمەد (٢٠١٤)، سیاسەتی ئێران بەرانبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپخانەی ڕێی نوێ، سلێمانی.
٢٤- مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان (٢٠١٨)، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی عێراق ١٩٧٥-١٩٨٨، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٢٥- مینە، ئەمین قادر (٢٠١٢)، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
٢٦- نێرەویی، عەلی تەتەر (٢٠٢٢)، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئێران، دهۆک.
٢٧- نێرەویی، عەلی تەتەر (٢٠١٩)، بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕانمی، ئێران.
٢٨- نەبەز، جەمال (٢٠٠١)، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕ: کوردۆ عەلی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٩- نەکدیمۆن، شلۆمۆ (٢٠١١)، مۆساد لەعێراق ولاتانی دراوسێ، و: ڕەهەند عبدلغفور، بێ چاپخانە. بێ شوێنی چاپ.
٣٠- ووچ، میدڵ ئیست (٢٠٠٤)، جینۆساید لەعێراق دا پەلاماری ئەنفال بۆسەر گەلی کورد، و: محەمەد حەمە ساڵح تۆفی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

**ب- بە زمانی عەرەبی**

١-ابوعنتر، هاشم رمضان (٢٠٠٥)، المحترقون الكورد، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.
٢- اولسن، روبرت (٢٠٠١)، المسألة الكردية في العلاقات التركية-الايرانية، ت: احسان محمد رمضان، مطبعة وزارة التربية، أربيل.

٣- بينغيو، اوفرا (٢٠١٤)، كرد العراق بناء الدولة داخل الدولة، مطبعة اراس، اربيل.
٤- جالديار، جيرارد (٢٠٠٧)، المأسات الكردية، طبعة الاول، مؤسسة ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٧.
٥- جليل، جليلى وآخرون (٢٠١٢)، الحركة الكردية فى العصر الحديث، الطبعة الثانية، مطبعة خاني، دهوك.
٦- الخرسان، صلاح (٢٠٠١)، التيارات السياسيةفى كردستان العراق، مؤسسة البلاغ، بيروت.
٧- رسول، فاتح (٢٠٠٥)، صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكوردي، ت: كمال غمبار، جلد الاول، مطبعة كارو، السليمانية.
٨- سنجاري، علي (٢٠١٣)، حقيقة مسيرة ثورة أيلول١٩٦١، مطبعة خانى، دهۆك.
٩- سنجاري ب، علي (٢٠١٣)، من ارشيف كوردستان، مطبعة خاني، دهوك.
شورش، سامي (٢٠٠١)، كردستان والاكراد، الحركة القومية والزعامة السياسية (ادريس بارزانى نموذجا)، مطبعة وزارة تربية، اربيل.
عبدالرحمن، ميڤان عارف (٢٠٠٥)، الحركة القومية الكردية التحريرية فى كردستان العراق (١٩٥٨-١٩٦٣، طبعة الثالث، دار سپيرز للطباعة والنشر، دهوك.
عقراوي، شكيب (٢٠٠٧)، سنوات المحنة فى الكردستان (اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠)، مطبعة منارة، اربيل.
محمد أ، خليل اسماعيل (٢٠١٢)، القضية الكوردية بين مطرقة دول الجوار وسندان الحكومات العراقية، مؤسسة موكريان، أربيل.
١٤- محمد ب، خليل اسماعيل (٢٠٠١)، مؤشرات التعريب والتهجير فى اقليم الكردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل، اربيل.

**حەوتەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەكان:**

**گۆڤار:**

تەلبەندكردنی ئۆردوگاكان بۆچی، (كانوونی دووەمی ١٩٨٥)، كۆمەڵە، ژمارە(١)، خولی سێیەم.
ماهی، (نیسانی ١٩٨٥)، لە تاكتیكەكانی بەعس بۆ بە گژداچونەوەی شۆڕشی كوردستان، كۆمەڵە، خولی سێیەم بەشی یەكەم، ژ(٤).

هەورامی، نامق (٢٠٠٥)، دوای نسکۆ پارتی یەکەم هێزبوو داخیلی کوردستان بوو، گوڵان، ژمارە (٥٣٨).

**٢-ڕۆژنامە:**

**بە زمانی کوردی:**

بەیاننامەیەک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبارەی قەدەغەکردنی چەکەوە، هاوکاری، (١٩٧٥/٨/١٥)، ژمارە (٢٧٩)،

٢-تەیفور، عارف (١٩٩٧/٥/٢٦)، گوڵان درێژە پێدەری شۆڕشی ئەیلولی مەزنە، برایەتی، ژمارە(٢٣٣٧).

٣- ڕێکخستنەکانی دەرەوەی پارتی لە دەستپێکی شۆڕشی گوڵان دا، برایەتی، (٢٠٠٢/٥/٢٦)، ژمارە (٣٦٩٥).

٤- عەدۆ، ئەسعەد (١٩٩٣/٥/٢٢)، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، برایەتی، ژمارە (١٦٥١).

٥- عەلی کۆ (١٩٩٣/٥/٢٤)، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، برایەتی، ژمارە (١٦٥٣).

٦- کەرکوکی، کەمال ( ١٩٩٣/٥/٢٣)، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، برایەتی، ژمارە(١٦٥٢).

**بە زمانی عەرەبی**

١-الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة (ايلول ١٩٧٧)، حزبنا يوصل القضية الكردية الى الامم المتحدة، صدى خبات، العدد(٣).

٢- الوقائع العراقية، ع(٢٥٠٣)، ١٩٧٥/١٢/٢٥.

٣- الوقائع العراقية، قرار مجلس قيادة الثورة، ع(٢٤٧٥)، ١٩٧٥/٤/١٢.

**هەشتەم: دیدار و پەیوەندی تەلەفونی:**

**أ-دیدارەکان:**

١- ڕۆژبەیانی، ملازم یوونس (٢٠٢٢/٤/٢)، هەولێر.

**ب-پەیوەندی تەلەفونی:**

٢-محەمەد، شێرزاد فاتیح (٢٠٢٢/٨/٢٢)، کەرکوک.

**ج- نامەی ئەلیکترۆنی:**

١- نێروەیی، شوکری ساڵح (٢٠٢٢/٩/٩)، دهۆک.

**الملخص**

## دور الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة في استئناف الكفاح المسلح في جنوب كردستان (١٩٧٦-١٩٧٩)

بعد التوقيع على اتفاقية الجزائر ونكسة ثورة أيلول سنة (١٩٧٥)، قامت الحكومة العراقية بعدة اجراءات لمنع استئناف الكفاح المسلح للكورد، منها الترحيل والتعريب والتبعيث، لكن كل ذلك لم يكن مانعا من قيام الكفاح المسلح للكورد من جديد، من أجل ذلك قامت الاحزاب والتنظيمات السياسية الكوردية في ذلك الوقت بتشكيل المفارز المسلحة في الجبال، ولهذا لغرض وقع قتال ومواجهات مسلحة، وفي (٢٦ آيار ١٩٧٦) واجهت مفرزة من البشمركة الجيش العراقي. وأصبح ذلك بداية لاستئناف الكفاح المسلح. عليه تعد سنوات (١٩٧٦- ١٩٧٩) مرحلة صعبة في تاريخ الحركة التحررية الكوردية. لذلك خصصنا هذا الموضوع لدراسة جزء من الكفاح المسلح الكوردي في تلك الفترة المذكورة.

يتألف هذا البحث من تمهيد وأربعة مباحث تليها الخاتمة، في التمهيد تم عرض نبذة مختصرة عن تاريخ القضية الكوردية في العراق والكفاح المسلح الكوردي قبل الفترة التاريخية المحددة للبحث. تطرق المبحث الأول: الى الحديث عن اسباب استئناف الكفاح المسلح الكوردي، أما في المبحث الثاني: فقد خصص للحديث عن تشكيل المفارز المسلحة (القيادة المؤقتة/ البارتي) وفي المبحث الثالث: فقد كرس للحديث عن موقف الدول الإقليمية تجاه استئناف الكفاح المسلح للكورد، وفيما يخص المبحث الرابع: فقد القينا الضوء على النشاط المسلح لقوات البيشمركة (ح.د.ك/ القيادة المؤقتة) ضد الحكومة العراقية، وفي الخاتمة تم الاشارة إلى أهم أستنتاجات التي توصل اليها البحث.

**الكلمات الدلة:** (الحزب الديمقراطي الكردستاني، القيادة المؤقتة، الكفاح المسلح)

## Abstract

### Kurdistan Democratic Party's Role/Temporary Leadership in the Kurdish Armed Combat Resurgence in the Southern Kurdistan (1976-1979)

After signing the Algiers’s Agreement and the collapse of Kurdish Revolution in (1975), several preventive measurements were taken by the Iraqi government to prevent the Resurgence of Armed Revolution of the Kurdish people, such as relocation, Arabization and Baathification. However, these measurements could not prevent the Resurgence of Armed Revolution of the Kurdish. For resuming the armed revolution, the political parties and organizations of that time sent out several armed units to the mountains, and the first bullet was fired by one these armed units on the 26th of 1976. This marked the resurgence of the armed Revolution of the Kurds. The period during (1976-1979) is considered a hard and challenging time in the history of Kurdish liberal movement. Hence, this study is dedicated to shed light on some of this armed revolution that was existing during that mentioned period.

This work consists of four parts and an introduction and a conclusion. The introduction briefly talks about the Kurdish case and question in Iraq and their armed revolution during the mentioned time. The first presents the ground of such armed revolution resurgence. The second part deals with the formation of these primary armed teams that belong to (PDK/ Temporary leadership). The third part tackles the regional countries attitude regarding the Resurgence of Armed Revolution of the Kurdish. The fourth part highlights the armed activities of the Peshmerga (PDK/ interim leadership) forces against Iraqi government. At the end the findings and conclusions that this study has arrived at are provided.


**Keywords**: Kurdistan Democratic Party's, Provisional leadership, Armed Revolution